# شانۆی ڕەش

ئا: ڕێباز محەمەد جەزا

هەر لەسەرەتاوە، کە ئەم ناونیشانە دەبینین، شارەزا و ناشارەزا، بە مەبەست و لەخۆوە دەپرسین: شانۆی ڕەش چییە؟ ئەم ناوە لە چییەوە هاتووە و بۆچی؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویست ناکات زۆر خۆمان ماندوو بکەین، هەر ئەوەندە بەسە کەمێک لەمانای دەستەواژەکە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی ئەم شانۆیە پشت دەبەستێت بە تاریکی و ڕووناکی دیاریکراو و تایبەت. بۆ ئەم مەبەستەش تەواوی شانۆکە ڕەش دەکرێت، جگە لە کارەکتەر و هەندێک پێداویستی تری نمایش، کە بە ڕەنگی فسفۆڕی پێشان دەدرێن و هیچی تر، نابیندرێت. هەروەها دەتوانین بڵێین: لەم جۆرە نمایشانەدا، کاتێک بینەران دەڕواننە نمایش، سەرشانۆکە تاریکە، بە جووڵاویی یان بەوەستاویی، بە تیشکی بەنەفسەجی ڕۆشن دەکرێتەوە، کە تایبەتن بەم جۆرە نمایشانە. دەرهێنەری ئەم جۆرە شانۆیە،

کەسێکە ڕوئیایەکی شێوەکارانە و جیاوازی هەیە، لە هەر جۆرە شانۆیەکی تر. شانۆی ڕەش، لە شانۆکانی تر، زیاتر سەرکەوتووترە، لەبەر ئەوەی مەودای جوانی و تەعبیری جیاوازە.

بۆ نموونە پارچەیەکی هەڵواسراوی سەرشانۆ، لە بۆشاییدا کاتێک لەناو تاریکی و بە جووڵەی بەردەوام، دەگۆڕێت بۆ هێڵ و لەوێشەوە بۆ بازنە و شێوەکانی تر و بەخێراییەکی سەیر و جووڵەیەکی نائاسایی، دەبێتە هۆی دروستبوونی چێژ و لەززەتێکی تایبەت، کە بێگومان ئەمانەش پێویستیان بە تەکنیک، توانا، شارەزایی و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی کارێکە نزیکە لە مەحاڵ، چونکە ئەم هونەرە پێویستی بە جوانی و تەشویق هەیە -لای گەورە و منداڵان- و هونەرێکە خۆشدەست نییە و پێویستی بە خۆئامادەکردن و کۆششی ئێجگار زۆر هەیە، تا بتوانین نمایشێکی "٣٠" خولەکی ئامادە بکەین، لەوانەیە پێویستی بە خۆئامادەکردنی نزیکەی "٢٠٠" کاتژمێر هەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە، هونەرێکی قورس، سەنگینە و کاریگەری زۆری هەیە بە تایبەت بۆمنداڵان.

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی شانۆی ڕەش:**

**١- بیرۆکەی کار:** دەتوانین چیرۆکێکی نووسراو یان بیرۆکەیەکی نووسراو، پێشکەش بکەین (لە لایەن دەرهێنەر، نووسەر، ئەکتەر، یان هەرکەسێکی تر.)

**٢- نووسینی دەق:** ڕەچاوی وردی و سادەیی بکرێت و ئەوەندەی دەکرێت، کورت و پوخت بێت.

**٣- پێداچوونەوە ی دەق:**

خوێندنەوەی دووبارە و چەند جارەی دەق و دڵنیابوون لە سادەیی بەرهەمەکە. ئەگەر کارەکە بۆ منداڵان بوو، جەخت لەوەبکرێتەوە، ڕەوان و ئاسان بێت. کاتێکیش دیاری بکرێت بۆ چارەسەر، هەموارکردنەوە و چاکسازییەکانی، لەبەر ئەوەی دوای تۆمارکردن، ڕاهێنانەکان دەستپێدەکەن بەرەو نمایش و دواتر هیچ گۆڕانکارییەک، لابردن، زیادکردن و ئاڵوگۆڕکردنێک ڕوونادەن.

**٤- دابەشکردنی نمایش:**

**أ- پێشەکی:**

لێرەدا ناونیشانی بەرهەمەکە دیاریدەکەین و دەیخەینە ڕوو، لەگەڵ گروپی کارەکە یان بەکارهێنانی تابلۆی ڕاگەیاندن یان نووسینی ناوی هەموو بەشدارەکان لەسەر کارتۆن یان قووماشی ڕەش.

**ب. دەروازە:**

دەستەواژەیەکە دەربارەی پێشەکی بەرهەمەکە، بە شێوەیەکی بە چێژ بۆ بیرۆکە و چیرۆکەکە، دەکرێت کەسێتی جێگیر هەبێت لە هەربەرهەمێکدا وەک کەسێتی "ماگۆ."

**ج- بەشەکانی ناو دەق:**

دەق دابەشدەکرێت بۆچەند یەکەیەک، دەکرێت هەر یەکەیان تاڕادەیەک تۆمار بکرێن. بۆ هەر بەشێک دەبێت بیرۆکەیەکی پێوەست بە یەکەوە و زنجیرەیی بێت. واتە "دراما" هەبێت لەگەڵ بیرۆکەیەکی پێشووتر و ئەوەشی، کە بە دوایدا دێت.

**د- کۆتایی:**

لە کۆتاییدا، جەخت دەخرێتە سەر بیرۆکەی کارەکە و بە ڕستەیەکی کورت و دەبێت حەماسی و گونجاو بێت، لەگەڵ بیرۆکە، وێنە و جووڵەکانی نمایشەکەدا، کە بەکارهاتوون لە ئیقاع، میوزیک و دەنگە جیاوازەکانی تری ناو نمایش وەک: (دەنگی ئەکتەرەکان، دەنگە تۆمارکراوەکان و دەنگەکانی تر و... تاد)، یان دەنگەکانی تری وەک: (میوزیکی تەسویریی، کاریگەرییە دەنگیەکان.) پێویستە لەکۆتاییدا، چاودێری وردی دەرچوون، وەستان و هاتوچۆکانی نمایش بکرێن و کەسانی پسپۆڕ بەم کارە هەڵبستن.

**٥- چۆن بەرهەمێک ئامادەبکەین؟**

لە هەنگاوەکانی پێشوودا، باسمان لە ئامادەکردنی دەق و پێداویستییەکانی کرد، بەڵام لێرەدا پێویستمان بەوەیە، کە هەریەکە لە: (جلوبەرگ و وێنە، شێوە، نووسینی ناوەکان و وشە بارزەکان و ئەو پێکهێنەرانەی تر و...تاد)، بە باشی تاقییان بکەینەوە، لەبەردەم

ڕووناکی و ڕەشیدا. لەم هەنگاوەدا، پێویستە دەرهێنەر ئەو لێهاتوویەی هەبێت لە وێنەکێشان، نووسین و وردەکاری و دووریندا.

**٦- دابەشکردنی ڕۆڵ:**

پێویستە لێرەدا دڵنیا بووبینەوە لە باشی نووسین/دەق و دڵنیابین لە هەڵبژاردنی ئەکتەر و دابەشـکردنی ڕۆڵ بەسەر هەریەکەیاندا، کە گونجـاو بێت لەگـەڵ جووڵە و ئەدائـی هەریەکەیـان و دیاریکردنی کاتەکانی نمایش بە چرکە.

**٧- کۆبوونەوەی گروپ (کاست):**

پێکـەوە گوێگرتــن لــە تۆمارکـراوەکان، زیاتــر لــە جارێـک و خەیاڵکردنــەوەی هەریەکــە لــە ئەکتــەرەکان، بــۆ ئــەو ڕۆڵەی کە دەیانەوێت بەرجەستەی بکەن و پاراستنی ئەو تۆمارکراوانە بە هەموو وردەکارییەکیانەوە، دەکرێــت ئەکتەر ئاوێنە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی خۆی ببینێتەوە لە ناویدا و دڵنیا بێت لە شـێوازی کارەکەی و هەر هەڵەیەکیش هەبێت، چارەسەری بکات.

**٨- مەشقکردن لە ڕووناکی ئاساییدا:**

بۆ ئەوەی جووڵە و دەنگەکان ڕێک بخرێن، بۆ هەر ئەکتەرێک و پاشان بە زنجیرەییکردنی بەشەکان و کۆنترۆڵکردنی خێرایی نمایش، تۆمارکردن و میوزیک .. پێویستە ئەم مەشقانە بە ڕووناکی ئاسایی، ڕێک بخرێن.

**٩- دابەشکردنی کارەکان:**

ئەکتەرەکان دابەشدەکەین بۆ سێ کۆمەڵە و سەرشانۆ دەکەینە سێ زۆنی سەرەکی و جێگیریان دەکەین: (ڕاست ناوەڕاست چەپ)، بۆهەر کۆمەڵەیەک، کەسێک دیاریدەکەین بۆ ئەوەی چاودێری ڕۆڵــەکان بــکات، لە کەشـفکردنی ئەوەی، کە نووســراوە و لەســەر وەرەقەیە و بە فۆنتی گەورە یان بە ڕەنگی فســفۆڕی دیاریدەکەین، هەتا گونجاویشە بە شێوەی سێبەر ببیندرێن لە کاتی چاودێریکردنی نمایشدا.

**١٠- وێنەگرتنی ڕاهێنانەکان:** دەتوانین بۆدڵنیابوون، وێنەی ڤیدیۆیی پرۆڤــەکان بگریــن و ئەکتــەرەکان و دەرهێنــەر، پێکەوە تەماشـای

بکـەن و ســەرنج و تێبینیەکانیان بنووســن، دەستنیشــانی هەڵە و کەموکورِییەکان بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین.

**١١- ئامادەکردنی هۆڵ:**

پێش نمایش بە ڕۆژێک یان زیاتر، پێویستمان بەوەیە چەند کارێک ئەنجام بدەین لەمانە:

أ- تاریککردنی تەواوی هۆڵ، بەجۆرێک هەمووی ڕەش بێت.

ب- دابەشکردنی بەرپرسیاریەتییەکانی دەرەوەی هۆڵی نمایش وەک: (بەخێرهاتنی میوانەکان، دانای کورســییەکانی پێشەوە بۆ منداڵان، چاودێری و ڕێنوێنی بینەران.)

ج- پاشان پێش دەستپێکردنی نمایش و لەکاتی خۆیدا، تاریککردنی ناو هۆڵ و داگیرساندنەوەی ڕووناکی ناو هۆڵ، لە دوای تەواو بوونی نمایش. (لە هەردوو حاڵەتەکەدا، نابێت دواکەوتن ڕووبدات.) پێویستە ڕۆژێک پێش نمایش تەواو دڵنیا بینەوە لەوەی هەموو شتەکان باشن، کێشەیان نییە و ڕێکوپێکن و کاردەکەن.

د- ئەم ئەنجامانەش، ئەو گۆڕانکاریانە دیاریدەکەن لەوەی، کە پێش نمایــش ڕوودەدەن. هەروەها پێش نمایــش پێداچوونەوە دەکەین بە ڕۆڵەکاندا، بەبێ بەشداری ئەکتەرەکان.

**١٢- کۆتایی:**

پێویستە ئامۆژگاری ئەوکەسانە بکرێت بەوەی، کە دەیانەوێت کار لەم جۆرەی شــانۆدا بکەن، بەوەی، کــە بیر لەوەبکەنەوە تادەکرێت پێویستە بیرۆکەکان سادەبن و زۆر بە چێژبن، لە هەموو ڕوویەکەوە و چیرۆکەکانی نمایش خواستی بینەرانی لەسەر بێت و لەکاتی نمایشدا بــە هیــچ جۆرێک، مۆبایل و ڕووناکی بەکارنەهێندرێن و هەموو جۆرە هاتــن و چوونێــک ڕابگیرێت، بەهەر هۆکارێک بێت و هیچ کۆمێنتێک نەمێنێــت لــە کاتــی نمایشــدا، ڕێگە بــە جگەرەکێشــان نەدرێت و ئامادەباشــی تــەواو بکرێت بۆ هەر ڕووداوێکــی چاوەڕواننەکراو وەک پچڕانی تەزووی کارەبا یان هەڵە لە بەکارهێنانی دەنگ و هۆکارەکانی تــر و ...تــاد، بەڵام هەموو ئەمانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە گشــتی و کوردســتان بە تایبەتــی، کۆنترۆڵکردنی کەمێک مەحاڵە، بە هۆی

خراپی هۆڵەکانی نمایش و کەمی کەرەستە لۆجستییەکان و هەموو کەرەستە تەکنیکییەکانی تری، کە بۆ نمایشێکی ئاسایی پێویستن، چجای بۆ ئەم جۆرە شانۆیە، کە پێدوایستی و تەکنیکی گەلێک قورسترن لە جۆرەکانی تری شانۆ. لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوانەی، کە لەمجۆرە بەرهەمەدا کاردەکەن و ئەم جۆرە لە شانۆ بەرهەم دەهێنن، هەموان لە ژێر چاودێری دەرهێنەردا بن.

**بۆ زانیاریی زیاتر، دەتوانن لەم سەرچاوانە سوودمەند بن:**


١- النصار، محسن، مسرح الاسود، مجله الفنون المسرحيه، الموقع الپانی

٢- https://theaterars.blogspot.com/

٣- http://elmanhry.mam9.com/t1638-topic.

٤- https://www.youtube.com/watchv=0h_IchyX6E8

٥- النصار، محسن، المسرح الاسود مسرح ابداعی – العراق، المصدر، مجله الفنون المسرحيه، ئینتەرنێت: http://atitheatre.ae